لەکوردستان خۆکوژی، بۆتە ڕێگایەك بۆ ڕزگاری مرۆڤەکان!

بەشدار عەلی

گەنجێك لە شارۆچکەی حاجیاوا بەهۆی بوونی چەند کێشەیەکی کۆمەڵایەتیەوە بە فیشەکێك خۆی کوشت, پۆلیسێك لە ناحیەی ماوەت لەکاتی پاسەوانیدا سێ فیشەکی ناوە بە سنگی خۆیەوە و گیانی لە دەستدا, قوتابیەك بەهۆی دەرنەچوونی لەوانەکاندا لە بنەصلاوە خۆی بە پانکەیەکەوە هەڵواسی, کچێك لە گوندێکی نزیك هەولێر خۆی دەرماخوارد دەکات و بەهۆی ژەهراوی بوونی گیانی لە دەستدا..... ئەمانە تەنها چەند هەواڵێکی بێ نازی رۆژنامەو رادیۆو تەلەفزیۆنە رۆژانەییەکانن, بەڵێ خۆکوژی و شێوازەکانی لە هەموو دنیادا هەیە, بەڵام ئەوەی کە خەتەرناکە ئەو رێژە زۆرەیە کە ئێستا بۆتە دیاردەو ناکرێت قسەی لەسەر نەکرێت, چونکە رۆژ لەدوای رۆژ روو لە زیادبوونە.

چین ئەو هۆکارانەی کەوا لە مرۆڤ دەکات خۆشترین و شیرینترین ساتەکانی ژیان بەدەستی خۆی کورت بکاتەوە؟ ئەوە چ هۆکار گەلێکە لەدوای ئەم بیرکردنەوەو بڕیاردانەیە کە خۆ کوژی بە رێگای رزگاری بزانێت؟

لەسەرەتادا هیچ لۆژیك و مەنتقێك و بیرکردنەوەیەکی ساغ و تەندروست, رێگای کۆتایی هێنان بە ژیانی خودی ئینسانەکان بەرێگایەکی راست و رەوان نازانێ هەرچەندە کێشەو گرفتەکانی ژیان زۆریش بن, مرۆڤەکان بەهێزو ئیرادەی خۆیان دەتوانن بەسەریدا زاڵ بن, بێزاری و نیگەرانیەکانمان بۆ هەموو ئەو بارودۆخانەی کە رۆژانە لە دەوروبەرمان دەگوزەرێن دەتواندرێ بە شێوازو میکانیزمی تر دەبڕدرێت و نمایش بکرێت, نەك بەرێگای سلبی, بەلام بەجیالەمانە باکەمێك لەسەر هۆکاری پشتەوەی ئەم دیاردەیە بدوێین.

کوردستان بەدرێژایی دەسەلاتی شومی بەعس هەمیشە جێگای کوشتن و گرتن و تۆقاندن و رفاندن بووە, بەعس سڵی لە قێزەوەنترین کارە دژە مرۆڤیەکانی خۆی نەدەکردەوە بۆ جێکردنی بەرنامەو پرۆگرامە دژی ئینسانیەکانی. خەڵکی کوردستان لەدوای راپەرین چاوەروان بوون هەوایەکی ئازاد هەڵمژن و ئیتر چیتر نان و ژیانیان بە بارمتە نەگیرێت, بەلام بەداخەوە ئەم مەینەتیانە نەك هەردەست لە گەردنی خەڵك نەکردەوە بەڵکو سەرباری ئەمانە نابەرابەری ئابووری و دزی و گەندەڵی زیاتر بوونە زیادەی دیاردەکانی تری سەر گۆڕەپانی کوردستان و ئاستی بێزاریەکانیش روو لە زیادبوون بوو, هەمان یاساکانی بەعس لە دادگاکاندا تاکو ئێستاش کاری پێکرایەوە, ئازادی رادەربڕین و بیروڕا ئاڵوگۆرکردن لە ژێر پرسیاریدایە, مافە فەردیی و مەدەنیەکان بە درێژایی 17 ساڵ نەبووە بەرنامەی سەرەکی پێنج کابینەی حکومەت! مافەکانی ژنان و منداڵان و ئازادییەکانی تاك تەنها لە بۆنەو مناسەباتەکان دەبێتە قسەی سەرزوبانی بەرپرسە فرە ژنەکان, کوژران و زیندەبەچاڵکردنی هەزارەها ژن نەبووە نیگەرانی بەرپرسێك, لەبرسان مردنی هەزارەها منداڵ نەبووە باسی وەزیرێك و بەدوایدا بچێت, کۆچی لاوان و دەیان کێشەوگرفتی تری لاوان ئەندام پەرلەمانێکی ناچار نەکرد بێتە وەلام !

ئیتر بەم شێوازە خەڵك بەگشتی لەنێو بێزاریی و دڵە راوکێیەکی قوڵدا ژیان دەگوزەرێنێ و کەس و دەزگایەك نیە خۆی بە بەرپرس بزانێ لەبەرامبەر کێشەو گرفتەکانی و هەمیشە بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوەو ئازاری ئەدەن. سیستەمی پەروەردەو فێرکردن کار لەسەر یەخسیری و بێ ئیرادەیی تاکەکان دەکات, سیستەمی باری ناو کۆمەڵگاش کار لەسەر تۆخ کردنەوەی داب و نەریتە قێزەوەنەکان دەکات و تاکەکان دەکات بە دوژمنی یەکتر....

بۆیە لەم وەزعیەتە ئاڵۆزەدا بەداخەوە خۆکوژی دەبێتە تەنها رێگا بۆ دەرچوون لە دەست ناخۆشی و گرفتەکانی رۆژانە.